# شۆرتێكی كارەبایی كانی تیرۆردەكا.!

## نورەدین وەیسی

گیان لەدەستدانی كانی یەڵازی بەرپرسیاری باڵای پارتی وڵاتپارێزانی دیموكراتی كوردستان PWDK وبەرپرسی پێشووی پەیوەندییەكانی دەرڤەی PKK لە رووداوێكی دڵتەزێنی تەقینەوەدا لە شاری سلێمانی ،جارێكی دیكەش كۆمەڵێك پرسیاروبەرپرسیارێتی رووبەرووی دەسەڵاتدارانی باشووری كوردستان وبەتایبەتیش یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەكاتەوە،تا ئێستا بەتەواوی روون نییە داخۆ رووداوەكە بەهۆی- شۆرتێكی كارەبایی !- بووە وەك ئەوەی میدیای یەكێتی رایگەیاند یان دەستی لایەنێكی كوردستانی وروونتریش پەكەكەی لەپشتەو یانیش كارێكی تیرۆریستی دیكەی رژێمی شۆڤێنیستی توركە.
یەڵماز یەكێك بووە لە ئەندامە چالاك ورۆشنبیرەكانی پەكەكەونزیكەی سی ساڵ بوو زۆر ماندووونەناسانە خەریكی چالاكی سیاسی بوو، چەندین ساڵی تەمەنی لە زیندانەكاندا بەسەربردووە، دوای جیابوونەوەی لەكۆنگرەی گەل لەچەندین لیدوان ودیدارو نووسیندا ئاماژەی بەوە دەدا خەباتی سیاسی لە باكووری كوردستان تووشی سستی وخاوبوونەوە هاتووەومەبەستیشی لە دامەزراندنی پارتێكی نوێ كۆكردنەوەی هێزوكەسایەتییە پەرت وبڵاوەكان وسەر لەنوێ گوڕدانە بە چالاكی وخەباتدا.
لە دوای راپەڕینەوە دەیان بەرپرسیاری پارتە كوردستانییەكان لە باشوورو بەتایبەتیش لە سلێمانی تیرۆركراون كەچی تا ئێستا هیچ كەسێك لەپەیوەند بەو كارە تیرۆریستیانەدا دەستگیر نەكراوە ،هەربۆیەش راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ دەسەڵاتدارانی باشوور لەو كارەتیرۆریستیانەدا بەرپرسیارن، بۆچی بەدرێژایی چواردە ساڵی رابردوو یەك تاكە بەكرێگیراوی میت وئیتلاعات و بەعسی سوری وعیراقی تەنانەت كەپوو و لووتیشیان خوێنیان لێ نەهاتووە لە كاتێكدا باشوور تەژی بووە لێیان؟ كەچی كادیری حیزبە كوردستانییەكان وبەتایبەتیش حیزبەكانی رۆژهەڵات وباكوور تیرۆروبگرە رادەستی ئێران وتوركیاش كراونەتەوە، بۆچی گیانی ئەوانیان لە تیرۆر بۆ ناپارێزرێت كەچی هەمووی چەند هەفتەیەك لەمەوبەر بوو كە جەلال تاڵەبانی بە فرۆكەوانە بەعسیەكان ئەوانەی مەرگیان بەسەر كوردوكوردستاندا دەباراند راگەیاند كە سلێمانی لە پێشوازیاندایە ولەوێ دەپارێزرێن چونكە بەقسەی تاڵەبانی ئەوان هیچ تاوانێكیان نەكردووە بەڵكو ئەركێكی نیشتمانیان بەجێگەیاندووە.!!

باشووری كوردستان  بۆ پیاوانی بەعس و میت وئیتلاعات نەك هەر شوێنێكی ئارام وئاسایش بووە بەڵكو ئەوان خودانماڵیش بوون،وڵاتپارێزو رۆشنبیرە رەخنەگرو ئازادیخوازەكانیشن تیرۆركراون وهەمیشە چاوەڕێی مەرگی خۆیان بوون.!
تیرۆركردنی كانی یەڵماز سەرشۆڕییەكی دیكەی دەسەڵاتدارانی باشوورەو ودەچێتە پاڵ دیرۆكی خوێناویان.

* بڕوانه وتاری پڕله سۆزی نووسه‌رو فیلمسازی به‌ریتانی دۆستی کورد شێری لیزه‌ر به‌بۆنه‌ی تیرۆرکردنی کانی یه‌ڵمازه‌وه: http://www.kurdmedia.com/articles.asp?id=11345